وزارتی ناوخۆی ئەڵمانیا ئەپراسیۆنێکی بەرفراوان دەستپێدەکات دژی ئەندامانی حەماس

وزارەتی ناوخۆی ئەڵمانیا لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند کە پشکنین لە چوار ناوچەی جیاوازی ئەڵمانیا ئەنجامدراوە کە ئەندامانی گروپە قەدەغەکراوەکانی حەماس و سامیدونی فەڵەستینییان کردەتە ئامانج.

وەزیری ناوخۆی ئەڵمانیا نانسی فیزەر لە بەیاننامەیەکدا ڕۆژی پێنجشەممە (23ـی تشرینی دووەمی 2023) پشتڕاستی کردەوە کە وڵاتەکەی بەردەوام دەبێت لە هێنگاوەکانی دژ بە ئیسلامییە توندڕەوەکان و وتی: "بە قەدەغەکردنی حەماس و سامیدون لە ئەڵمانیا، ئاماژەیەکی ڕوونمان ناردووە کە ئێمە پشتیوانی لەو تیرۆرستانە ناکەین بە تایبەتی دوای ئەوەی ئەو کردەوانەی حەماس دژی ئیسرائیل ئەنجامی دا".

وزارەتی ناوخۆی ئەڵمانیا ڕۆژی پێنجشەممە ڕایگەیاند، کە ئەپراسیۆنێکی بەرفراوان دەستپێدەکات بە بەئامانجکردنی کەمەیەکی دەسەزی حیزبوڵای لوبنانی و جێختیکردەوە لەوەی "لە کاتێکدا زۆرێک لە جولەکەکان هەست بە هەڕەشە دەکەن، ئەڵمانیا قبووڵی پەوپاگەندەی ئیسلامی یان هاندانی دژە جولەکە و دژە ئیسرائیل ناکات".